## (مەوجی خەیاڵ، شینو هەڵپەڕکێ لە دیوانی مەولەویدا)

خالد منصوری

بــه نــام خــداونــد جــان آفــرین   حکــیم ســخن در زبــان آفــرین

ئەمجار سەخت تەرەن زامم جەجاران   چڵ بدۆ دایـم چـۆن گـەستەی مـاران

هەر وە زۆرمەندەن ڕای ئامای‌نەفەس   تای ریشـه تـاقەت شـیبەنم جـه دەس

بـڵێسەی فـیراق سـۆ چـنان جـه ستەم   نــاسۆرەن زامــان گـاز خـەم بـەستەم

دووی کە داد دڵ پۆشان سـەرهەردان   زەرد کەردەن روخسار پـاییزەدەردان

سەرسامەن عاڵم یـەکسـەر جـه نـاڵەم   فــەڵەک مــۆرەی بـەد شـاناوە تـاڵەم

ل.ژ ٩

............................

سەلامۆن عەلەیکۆم

دورروود بۆ ئیۆەی ئەدەب دۆست، شێعر دۆستو مەولەوی دۆست.

بەریزان، «ڤیکتۆر هۆگۆ Victor. hugo نیۆدارترین شاعێری رۆمانتیکی سـەدەی ١٩ی فەرانسەکە لە سالانی (١٨٢ تا ١٨٨٥ی زانێنی) ژیـاوە، لە ریـزی گـەورەترین نووسەرانو شاعێرانی دنیایە. ئەگەر چی پێش لە ئەو مەکتەبی (رۆمانتیم) نێویکێ هەبووەو پێشکەوتهاتێکی کردبوو بەڵام بە تێکرا زانـایانی ئـەدەب نـاس بـەو بـاوەڕەن کـە ئـەو (رۆمانتیسم)ی گەیاندووە بە پلەو پایەیەکی بەرز تەواو...» جا ئورووپاییەکان کە بە ئەو بلیمەتە شانازی دەکەنو لە هـەزاران بـەرگ کـتێبو فـەرهەنگ، نـامیلکەو رۆژنـامە.

سێمینارو کۆنگرەی تایبەتی بیرەوەری نێو بیروڕای «هۆگۆ»یان لە سنوورە کانی دنیادا تێپەڕاندووەو خستوویانە نێو جیهانی بەرینی ئەدەب. ئاخۆ ئێمە بۆ هەژاریکێ دڵ سووتاوی گەڕاڵو دەربەدەری ئەم دێ و ئەو دێو ئەم شارو ئەو شار وەکوو «مەولەوی» چیمان کردوەو تاچ رادەیێک دەنیاسین؟

بەڵێ ئەگەر چی بە داخەوە کەم تەرخەمی زۆریش کراوە بەڵام رووی بارو دۆخی رۆژگار ڕەش کە تەنانەت رێگای خۆشەویستی زانا ناوداره کانیان لێ گرتووین و دەلاقەی گەشە پێدانو پەرەی ئەدەبو زمانیانیش لێ کوێرەو کردووین و تەشایو کەیکیشیان بۆ نەهێشتوین!

چەن کەس ئەو هەڵۆی بەرزەفری ئاسمانی ئەدەبە واتا مەولەوی دەناسن؟ کەسیک کە بەس بە یەک سووج ئەویش لە کوردەواری سەرهەڵدان هەستی پێ نەکراو گوێ برهاوارە کانی شل نەکراو دڵی بۆی نەکەوتە خورپەوە.

پیریو فەقیریو کەساسی هەرسێ    نەبن بە باری قورسی هیچ کەسی!

ئازیزان، نەمر سەی عەبدوڕەحیمی کورد خاوەنی ناسناوو ناز ناوی «مەعدوومی» لە ساڵەکانی (۱۲۲۱ تا ۱۳۰۰ی کۆچی) رێك کەوتی (۱۸۰٦ تا ۱۸۸۲ی ز) ژیاوە، واتا، هاوچەرخو «تەقریبەن» هاوتەمەنو «یەقینەن» لە باری ئەدەبیەوە هاو بیری «ڤیکتۆر هۆگۆ»و سەر بە مەکتەبی بەرزو بەرینی «رۆمانتیسم» بووەو ۷۹ ـ ۸۰ ساڵ ژیاوەو لە سەرشاتەی تاوەگۆز چاوی بە رووی دنیا هەڵیناوەو هەڵبجەو جوانرۆ، سنە، سلێمانی چروستان، کانی کەوە، مەریوانو دێهاتەکانی دەوروبەری وەک چۆڕونەنە جا پاوەو کۆیو کوێ گەڕاوەو رایێ کردووە بە شوێن نانو زانست!

جا بو گەلو میللەتێ لەوە شوورەییتر نییە کە خەمی نان گەورەکێشەی ژیانی بێو لەوەیشە سەربەرزیتر نییە کە تا ماوە بە شوین فێر بوون دا رابکات ولی ماندوونە بی[1].

---

۱ـ اطلبوا العلم من المهد الی اللحد «چنین گفت پیغمبر راستگوی    ز گهواره تا گور دانش بجوی»

جا لێرەدا ریشەی شووریيەکـە هـەڵدەگیرێتەوە بـۆ بـارو دۆخـی رۆژگـارو بـناخەی سەربەرزیەکەشی رێکی باڵای مەولەویە.

دەك فەلەك چۆن من دەردت کـاریبۆ     زامت پـڕ نـە ئـێش نـادیاری بـۆ!

ئایا شوێنەوارو جێگەی پێی ئەو هەموو راکردنانە نەبووە کـە بـە شـێوەی پـەشیویو پەرۆشی لە زۆربەی دیوانەکەیدا خۆ دەنوینن[1]؟

هام دەردان ئێشێ.. هام دەردان ئـێشێ     پـێمەوەن ئـێشێ چ تـەرزە ئـێشێ
ئێشێ پێچ چۆن ئێش وەمـاران رێشـێ     ئێشێ پڕ نـێشێ، ریشـەی گـیان کـێشێ

ئێستا با ئەمەیش بڵەیین کە هەژاریو نەداری خۆی چاکەو «قۆرەتەکانی خـراپـن» دووکەڵی چراموو‌شیو پیسوز مێژویشی لێ رەش کردووین، چۆن باوڕم وایە کە چیمان بە دەستەوەیەو بە بەرهەمی مەولەوی دەزانین هەمووی کارەکانی نیەو دوور نیە مشكو تکەو ماڵ سووتیان و دەربەدەری زۆربەی بەرهەمەکانی فەوتاندبن بەڵام بە وانەیشەوە وەبۆ مان ئەشێ کە بڵەیین: مەولەوی لە زۆربەی ناوداره بێناو کەوتووکانمان بە هـاتتر بووەو فارسو تەنی، «جای شکرش باقیاست» بە هەر حاڵ کە ئاگر ئەکەوێتە ماڵەکەیو کتێبو بە بۆ چوون هەڵبەستەکانی ئەکا بە بـڵێسەو جـا هـیچ! ئـاوەها هـەستی خـۆی دەردەبڕێ:

خـامەی سـەراوێـز نـە چـای سیایی     مـەڕێزۆ ئـەسرین شـەکـوای جـیایی
نامەی سەد شکەنج وەهـەم پـێچ وەردەن     چۆن مـن سـەرتاپاش شکستەی دەردەن
دەوات دووی سـیاش جـەدەم مـەخێزو     نـامە سـیاخاك وەسـەر مـەڕێزۆ

---

١ـ گامە مشغوول زام، گـا خـەریك دەرد
گـا رەفـێق خـەم هـەناسان سـەرد
گا سەرمەکەرۆ هوون نە چەمەی چەم
گـا گـامە و یـەرۆ سێلاو نـەدیدەم

دەوات دووی دەروون گێج دان وەهەمدا    لیقە وێش کێشان وەلیتەی خەمدا
خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە    زار زار مەنالۆ وەدەم دەردەوە
مەوات هەی ئاوات واستەکەی‌جەستەم    هەی مۆمیایی، پێشەی شکستەم
کام زام بی جە تۆ من نەدیم نەسیب    جەفا هەر وەمن، وەفا پەی زەقیب
زامان تاونان هووناوان جۆجۆ    دەرد وەبان دەردیە جە دووری تۆ
بڕیان تای روباب قافیە خُوانیم    نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم
دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم    نە کوورەی دەروون پڕجە خارەکەم
ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم    سۆچنان کتاۆ، مەجموعەی فەردم

جا ئێستا ئەوانەمان کە بە دەستەوەیە بریتین لە:

١ـ عەقیدەی مەرزییە لە ٢۴۴١ بەیت دا بە کوردی سۆرانی

٢ـ فەزیلە لە ٢٠٣١ بەیت دا بە زمانی عەرەبی

٣ـ فەوائێح لە ۵٢٦ بەیت دا بە زمانی فارسی

۴ـ دیوانەکەی بە زمانی هەورامی

۵ـ برِی شەرح لە سەرکتێبە ئائینەکانو نامەی فارسی کە بۆ ئەمو ئەو نووسیویەتی.

ئیتر لە سەر ئەوە نارۆم کە کامیانی بە هۆی خۆشەویستی وهان دانی حەزرەتی شێخ «ئەبۆ وەفا»و عەشقی حەزرەتی شێخ «عوسمانی سیراجەدین نووسیوە و یا بۆ ئیسباتی زانایی خۆی داینایوە و لە بەر سوکنایی ئێشی نێشی تانەی مەلافە تحۆڵای قازی شاری سنە کە پێ ووتووە: «... بچۆ ئامان لەرزانەی خۆت بیژە». بریکێ داناوەو چیو چیو چی های کە.

چۆن ئەوانەیان بەڕیزان تا ئێستا باسیان کردووەیان لە دوایی دالێ باس دەکەن.

بەڵام ئەوەی وامن باسی لێۆ دەکەم دیوانەکەیەتی کە لەگوڵزاری «تەغەزووڵدا» کەم وێنە دەستەو گوڵێکە دڵفرێنو پڕ لە هەستی ناسکی بە سۆز کە برێ جار ئاگر بەردەداتە

تانو پۆی ئینسانو برێ جار وەکوو شنەی دەمەو رۆژی بەهاران ژین بزوێنو گیان هەژێنو دڵ راکێشە.

دیوانەکەی لە سەرکێشی خۆماڵی کوردییان کێشی ١٠ برگەیی لە بەحری[١] «موتەقارێبی موسەممەنی ئەسلەمفع[٢] لن فعولن، فع لن فعولن» هۆنراوەتەوە.

شێوەی «سەهلی مۆمتەنیعی» زمانی مەولەوی جێگای سەر سوورمانو گەنجینەیەکە کە ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیەو ئەوانەی وا بەورێگا دا رۆیشتوون بە شەکەتی ولێ نەهاتووی هەڵگەراۆنەتەوە!!

ئازیزم گوڵاو بۆی خۆی کوڵم تۆن ئەربۆی تۆ نەبۆ بۆی گوڵاو جەکۆن؟

زەرەی بۆی زوڵفت کەفتەن بەبەرزان بۆی گوڵان کەردەن جە بەرزان هەرزان

ئازیز وە مەرگ گەر ئینسافت بۆ هەنی کافییەن بۆی زوڵفت پەی تۆ

ئیتر چ حاجەت وێت مەدەی عەزاۆ قەبوول کەری جەور مەگێری گوڵاو[٣]

جا باسی «سەنالیی بەدیعی» وەک «تەجنیس»، «تەقلیب»، «تەسجیع»، «تەشبیە»، «ئیهام»و «ئێغراق»و چیو چی ناکەم کە ئەوانەی وا زانای ئەو عیلمەنو باسیان لێوە کردووە زۆر بەیان لە دیوانەکەیدا دیمو دیمەن دەنوێنن، لەوەیشە نەبووە کە هەست بکرێ کە مەولەوی وێڵ بوو بێ بە شوێن سەنعەت ویان بۆ وشەی قافیەما بێتەوە! بەڵام من لە هەڵپەڕکێو شەو[٤] وێنە سازیو خەیاڵ باس دەکەم کە چون خەیاڵ گە لەڵ خەیاڵدا یەکا چووەو چۆن پیتو وشەو دەستی یەکیان گرتووەیان هەڵدە پەڕن یان شین دەگێڕن کە تایبەتمەندی زمانی مەولەویە.

---

١ـ بحر متقارب مثمن اثلم

٢ـ بحر متجث مثمن محجوف مسبغ مستفعلن فاع مستفعلن فاع

٣ـ یا لە شوێنێتر دا ئەڵێ:

نـام نـەسەرزوان شیرینش تاڵم نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم

٤ـ Alitration

ساقی مەی هەی داد، موغەننیچەنگێ نەی چی های فەریاد، موترێب ئاهەنگێ
گەرمیی مەی، نەواو، کزەی دەفو نەی تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی

شێعرەکانی دیوانی مەولەوی لە بارەی چۆینەتی دەست پێ کردنو دووایی هێنان، وینەگەریو تابلۆی هەستاویو بە هۆی زاڵ بوون بە سەرزمانو ئاگا بوون لە دەنگو مووزیکو ناسکی بیری «رۆمانتیکی» تەرو تەرچکو رووانگەی ناوەروکیشی بە راستی جوانو خەیاڵاوین هەڵپەرکێ دوو دەستماڵە وسێ پێو زیرەی زایەڵەی رۆرۆی تماشاکەین لەم بەیتانەداکە دەیخوێنیمەوە.

جەستەی خەستەی خار، خەم خەڵا تەنان
بە یەڵ پێو گێڵ، دوور وەڵا تەنان
شاخو داخو زاخ چۆڵو هۆڵو کاو
سەر بەر دو سەر هەرد، ساراو سەرسەراو

یان ئەم بەیتە:

خەستەی خار خەم، خەم خەیاڵ وێم وەکزەی دەروون تەن زوخاڵ وێم

یان با سەیری سەما لە سەما،بکەین لە غەزەلێکی داکە باسی سە مادەکا دەڵێ

.............................

دەلاڵەت جۆ شۆ چون رۆی ئازادی گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕشادی
سەدای (لاوهەی لاو) زرەی زەڕزەنجیر سڵسڵەو بانی سەر، بەند زریێو لاگیر
زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەیزەر لە رزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق زەوقو بەرق فەرق زەڕکڵاو ورشەو پرشەی خۆی کوڵم بۆ گوڵاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپڵەو چیلەینەرم چریکەی وەناز تریکەی وە شەرم

.............................

شاخەی شریخەی خشڵ نیمەرەنگ فرەی فۆتەی شۆڕ پا ژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشەو خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش عیشوەو نەزاکەت گریشمەی بێ خەوش

.........................          .........................

شـــاباش شـــادی شــەیدای شـاباشان    خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان

کە بە روونی گوی هەستی هەڵپەرکێو «ئالیترەشینی» پیتەکان دەکا
وەک لە بەیتی یەکەمدا«گ»و «ز»و «میم»و «ر»
لە بەیتی سی هەمدا «ز»، «ر»، «گ» و«م»
لە بەیتی چوارەمدا «ش»، «ق»، «ر»، «و»
لە بەیتی پێنجەم دا «ش»، «ق»، «پ»و «ر»

و تا دوایی

مەولەوی لە نێو ئاسمانیکێ بی دوایی‌و بی پەی لە خەیاڵ دا سەیر دەکا:

دڵ دیـــارنیەن هـــای نـــە کــەردەبۆ    وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردە بۆ
جەو دما من داد وەلای کێ بەروون    نا بەڵەد تەنیا ڕا چۆن دەر کـەروون؟

ئەونده دەرد ئاشنایەکە بڕوای بە سازگاری ڕۆژگارنیە
خەیر بۆ هەم فەلەک کام خەیاڵ کەردەن؟!

دیسان مـن پـەی شـەڕ وەیـاد ئـاوەردەن!
دیارەن ئـەساس دووری دووری مسـازۆ
دەبـــاڵام کـــاڵای خــەمان مـــوورازۆ
داخۆم رووی دووری کێش هان وەسەردا
دیســان مــن بــرۆ وە رووی چــەمەردا

بڕێ لە تەرکیبەکانی ورشەکانی با سەیرکەین کەکەم وێنەیە ئەگەر بێ وینە نەبن:
سەربەرزی مەینەت ـ خەزانەی خەیاڵ شەمال ـ بادەی بێ شـەرتی ـ تـە نـوورەی دەروون ـ پەنجەی پای ناڵە ـ مەوتەنەکەی چەم ـ فەرتووت نەی ـ پیاڵەی واق ـ هۆش

وەحشی ـ تۆپلاخەی دووکەڵ ـ ئەسرین شەکوا «تەویش بۆ قەڵەم» ـ لیتەی خەم ـ خاس خاس کزەی سۆز گریشمەی بێ خەوش ـ گەردخەیاڵ ـ بە ناباشی بورج «بۆ ئاسمان» ـ چارشێو بۆ «تەم» ـ یەخ بۆ ئاوێنە ـ بەیداخ دەماخ ـ بانگ بێ شەرم ـ سیماڵ عەیش ـ خەفەت شادیشەن ـ خەم دەماخ بەرزەن ـ باڵاخانەی چەم ـ ئیفتار دڵ ـ بینی عێرفان ـ سەنگ مات هەناسان کاڵ ـ سەرپەنجەی هۆش ـ دەوات پڕوەی ـ تای ریشەی تاقەت ـ بنەک دار خەم تای کرژ مەینەتو سەدان تەرکیبی جوانو تازەو نوێ کە شایانی زمانی پاراوی مەولەویەو بەس. مەولەوی ١١٢ سال (تەقریبەن) لەمەو پێش کۆچی داویی کردووە، چەن ساڵی پێش مردنی خوی خێزانی خۆشەویستی و«عەنبەر خاتوون» کۆچ دەکاو بە جێ دێڵێ، راستی لە فەرهەنگ ئەوکاتە لە برێ شوێندا ئێستاش ـ پەرۆش بوون بۆ ژن مردن لای خەڵکەوە کارێکی ناشیرینو شوورەیی بووە جا ئێمە گەورەییو بەرزی بیری ئەوکەڵە مێردەمان زۆرتر بۆ دەر دەکەوێ کە لەو کاتە شینی مەرگی خێزانی دەگیڕێو جا قەس[illegible]یەکی تایبەتی ئەوکۆ ستەم هەڵبژاردووە تەنیا چەن بە پتیکێ لێ دەخوێنمەوە تا بزانین ووشەکانێش چۆن وەکوو مەولەوی پێچ ئەدەن لە خۆو هاودەنگی دەکەن:

دڵـەی دڵ دەمـەی مـەیل لەیـلی کـەیل
مـــەحرەم دەرازان خــەڵوەتحانەی لەیــل
لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەورەنگ
هامدەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ
پـەروانـەی مـەزار ئـاوات وا ستەکـەم
تـەرجـەمەی حـاڵات پـەسێوی جـە ستەم
عـــەرزکەروە لەیـلا وە سـەد خـەمەوە
چـــــەم وەنـــمەوە، دڵ وە تـــەمەوە

دێـوانـه‌کـه‌ت دیـم بـڵێسه‌ش بـه‌رز بـی
بەرزی بڵێسەی هـەر سات سـەد تـەرز بـی
وه هــــه‌ر ئــــه‌رزی له‌یــل مــلاد نـاوه
دڵــــه‌ی ســــه‌نگ سـه‌خت مـتاو نـاوه

............................

............................ تــــا ئــــه‌ڵێ:

چــێشه‌ن مــونیوون مــه‌نزڵ بـێ تـۆ بـۆ
بــێ هـۆشم خــه‌وبۆ، راس بــۆ، درۆ بـۆ!

مەولەوی وینەکێش و «تەسویرگەریکێ» کەم وێنەیە لە برێ جێگاداکە باسی مەبەستێکی «خەیمی» دەکات ـ بیسەرو خوێنەر هەستی زیندو بوونی وینەکـان دەکـا بـۆ نـموونە زستانمان ئاوەها بۆ رەسم دەکات:

زۆسانەن وەی رەنگ وەگەردووان یاوان　گـیجیای لوول گـێج کـڵێڵەی کـاوان
بـــه نـا بـاشی بـورج بـەرزە دیـاران　سـفید کـاری کـەرد تـاقچەیٔ مـۆغاران
چ شـیرین زەرگـەر تـۆف هـەوای سـەرد　گـۆشوارە نـە گـۆش نـەونەمامان کـەرد
پەی نیگای بـاڵای مـەحبووب بـێ گـەرد　یـەخ ئـاینەگـرت تـەم چـار شێو ئـاوەرد

............................

سەیرێکی ئەم وێنەیشە بکەین:

دیاکـەی وەشـەرم جـە پـەنجەرەی نـاز　تـا تـاریشەی جـەرگ بـەراوەردوەگـاز
پــەترۆی زامــەکــەم هـەم لابـەردەوە　وەخت بی سارێش بێ تازەش کـەردەوە

ئەی ئەم تابلوە ماتەمینە چۆنە؟ سەیری پیتە شینەکان بکەین کە چۆن پەیدەرپەی ماتەم وەنوێنن:

جه ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی شادیم شێویا، شینم سەد تەرز بی
شەمع شام شووم، ماتەم هۆر گرِیا تای تەل سەمتوور شادیو زەوق برِیا
شای شادیم شکیا، سوپای خەم جەم بی بەیداخ دەماخ شیوەی ماتەم بی[1]

..............................

ئێستاش هەروا برِێ لە شابەیتەکانی دەخوێنمەوە کە شایانە گوێ لە هەڵپەرِکێو شیوەنیو شەکان بگرین

*کوورەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن
گولاڵەم چۆن وێم فەرامۆش کەردەن
*سەدای زیلو بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن
*ساقییەن، بادەن، نەسیمەن بادەن
بولبۆل جە دەوری گولاڵن ئازادەن
*بەزمەن شادییەن، عەیشەن نیشاتەن
کیفەن شۆخیەن، شەوقەن حەیاتەن
*گرمەو پزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق بریسکەی شوعلەی شەرارە

---

١ـ الف یان ئەم وێنە:
باڵا خانەی چەم دێوانەکەی تۆ بانە ناو وەگڵ ئاسانەکەی تو
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت ئێشدا .
ئازیز بۆ جارێ پابند پێشدا
ب یان ئەڵێ:
ماتەم وینەی سەنگ، زەردم چۆن خەزان دایم پێچ مەدەۆ چۆن ماران گەزان

*کــــزەی رەشـــــە بـــای هــەناسان ســەرد
ســــیامالْ عــــەیش تــەختە تــەختە کــەرد
*شــــــریخەو گـــــرمەی هــەور دووری دۆس
وە فــــەنابەردەن مــــەغزورەگ‌و پـــۆس
*شــــــەرارەی گـــــرپەی نــــارمەهجووری
کــــەردەن وەغــوبار کــۆ گــای ســەبووری
*ئــێش نــام ســەخت تـویچ ئـاما پـێشدا
هــــەر ئـێشەن مـدیەی کــەفتەن وە ئـێشدا
و دەیـــــانو ســـەدان شــێعری جــوانــی کــە
کــە مـەجالم نـیەو کـات تـەنگە بـۆ نـۆانـدنی

شێعریکیٚ فارسیم لە بیردایە‌کە شایەد ١٥ ـ ٢٠ ساڵێ تەمەنم بوو بیٚ لە یادگەی میشکم دا نەخشم کردوەو شاعیرەکەش نازانم کیە ئەڵێ:

گر کە چشم اینستو ابرو نازاینو عشوە ایـن
الوداع ای زهدو تقویٰ، الفرار ایٰ عقلو دیـن

باسی «تەوارۆد»و تەرجەمەیش ناکەم بەڵام مەولەوی بەیتێکی هەیە بەو ناوەڕۆکەوە کە ئەڵێ:

شێوە ئەرئیدەن من کـردەنم سـەیر    نام خوا حافیز، دین بنیش وە خەیر

راستی ئازیزان کامیان جوانترن؟

مەولەوی نویٚ هانیوەو «ئیبداع»ی کردوەکاریٚ کە تا ئەوکاتەی بیری پەی‌پیٚ بردووە بیٚ وێنەیە واتا شیوەی شێعری ستوونی دەگۆڕێت، گۆایە بۆ مەرگی کورێکی ئەو قەسیدەیە ووتووەکە پاش چەند بە تێکی ئاسایی ئەڵێ:

مـەنعم مـەکـەردێ گـرانـەن دەردم ئـــەر شـــێعر بـــۆ قـافیەی فـهردم
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من هـەر سـەوزەی مـراد مـن نـادیارەن
داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من هـەر نـەوگـوڵاڵەی من نە پـێوارەن
یاوەلوەلەی دەف شا دەرویش جۆشی بـــەو سـەدای ریشـەی دڵ ئـاشناوە
یا جۆش سـەمتوور، موترێب خروشێ چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە
بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ هـای چەمە دەخیل شـەوێ شـەونمێ
بەڵ روو بنمانۆ ئەو نازک ئەوگوڵ دەمـە نـەسیمێ، وادەی سوب دەمێ

جا سەرەرای ئەو هەموو چەرمەسەریەو دادو فەریادە بێ ووچانە زەمانەی بێ بەزەیی گەورەترین بار ئەخاتە سەربارو نێو بارەکەی‌و چەن ساڵێکی دووایی تەمەنی چاوی بێ نوورو رۆشنایی بینایی کوێر دەکاتەوە:

بـینایی دیـدەم تـۆ وەسـڵامەت دیدەنی دیدارکەوت ئەو قیامەت
ئەربینش نیەن هەی ئاوات وازم باز هەر تەسکینەن گۆش وە ئاوازم

جا لە شوێنێ‌تر دا روو لە خودا دەکاو ئەڵێ:

هەر چیت دابوو پێم یەک یەک دامەوە حـــیسابی حـــەشرت وا وە لامـــەوە

و ئەگونجی میسراعی دووهەمیش بە حاڵەتی ئیستێفهام بخوینرێتەوە چون ووتەکە دوو سووچە واتا:

هەر چیت دا بوو پێم یەک یەک دامەوە حـــیسابی حـەشرت واوە لامـــەوە؟!
منیش تا ئێرا چووم‌و دەنگی ئەو نەمرە دێ بەگوێماکە ئەڵێ:
کورم چیتە بە سەرمەوە!!

لای ئیوە خۆش.

سەرچاوەکان


١ـ فرهنگ معین

٢ـ یادی مەردان

٣ـ مێژووی ئەدەبی کورد

۴ـ تاریخ مشاهیر کرد

۵ـ رشتەی مرواری

٦ـ عەقیدە مەولەوی (محمد علی قرەداغی)

٧ـ میهرەجانی مەولەوی

٨ـ دیوانی مەولەوی

٩ـ بحثهای شفاهی مرحوم شیخ امین، شیخ علاءالدین حدود ١٧ سال بیش

١ـ بیروڕای خوم